## کۆنفرانسی سەربەخۆیی. . یان پروپاگەندەی هەڵبژاردن؟!! ... مەریوان نەقشبەندی

ناونیشانی کۆنفرانسەکە و ئەو هەموو ئاڵایەی کوردستان کە هۆڵی بنکەی رۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین-هەولێری پێ تەنرابوو زۆر دڵخۆشیان کردم و کاتێکیش بینیم ئەو ژمارە زۆرەی بەرپرسانی کورد لە پارچەکانی کوردستان بەشدارییان کردووە ئەوەندەی تر هیوای پێبەخشیم و گوتم ئەو کۆنفرانسەی لە پایتەختی هەرێمی کوردستان بەناوی (کۆنفرانسی سەربەخۆیی کوردستان. . . ) لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە باکوری ئەمریکا (KNC) رێکخرابوو، دەبێتە سەرەتایەك بۆ جموجوڵێکی نەتەوەیی سەرتاسەری و رەنگە تەوقیتی بەستنی کۆنفرانسەکەش کە دوای چەند رۆژێك دێت لە سەردانە مێژووییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا و بەریتانیا، گوڕوتینێکی نەتەوەیی لەلای سەرکردەو بەرپرسانی کورد دروست کردبێت و لەم کۆنفرانسەدا شتێکی نوی ببینین و ببیستین و هەڵوێستە حزبییەکان بۆ هەڵوێستی نەتەوەیی و چارەنووسساز گۆرابێت، بەڵام دووکاتژمێری یەکەمی ئەم کۆنفرانسە کە منیش وەك ئەندامی کۆنفرانس بانگهێشت کرابووم، کۆتایی بە هەموو شتێك هێنا و دوای ئەوەی چەند وتارێکی حزبیی و تەقلیدی پێشکەش کرا و ریزی پێشەوەی کۆنفرانسەکەش بە مەسئوولینی حزبی و حکومی پڕبۆوە، هۆڵی کۆنفرانسەکەم بەجێهێشت، چونکە د. محەمەد خۆشناو سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین وتارێکی (دەستکاریکراو) ی پیتەر کالبریسی بە زمانی ئینگلیزی بەناوی خۆیەوە خوێندەوە و ئینجا هەریەکە لە سەرۆکی پەرلەمان و نوێنەرانی پارتی و یەکێتی و حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پشتگیریەکی (شەرمن) انەیان بۆ سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەربڕی و د. سامان شاڵی سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەی کورد لەباکووری ئەمریکا چەند چالاکیەکی (KNC) لەشێوەی دەسکەوتی رێکخراوەییدا بۆ ئامادەبووان شەرح کرد، لەهەموو ئەمانەش سەرنجراکێشتر ئەوەبوو کە لەم کۆنفرانسەدا نەیانوێرابوو یەك کەناڵ یان رۆژنامەنووسی عەرەبی یان تورکی یان ئێرانی بانگهێشت بکەن و ئەو هەموو وتار و خۆدەرخستنە تەنها لەبەردەم خۆماندا بوو، زۆربەی ئەو بەرپرسانەی وتاریان دەخوێندەوە نەیاندەوێرا یان نەیاندەزانی بە کوردستانی ئێران بڵێن (رۆژهەڵاتی کوردستان) ، بە باشووری کوردستانیشیان دەگووت (کوردستانی عێراق یان کوردستانی باشوور) بەهەمان شێوەش بە باکوور و رۆژئاوای کوردستان دەگوترا (کوردستانی تورکیا و کوردستانی سوریا) . ئەوەی زیاتریش جێگای بێئومێدی ئەم کۆنفرانسەبوو ئەو رەچاوکردنی سستمی پەنجا بە پەنجایەبوو کە رێکخەرانی کۆنفرانسەکە پەیڕەویان کرد و بڕیاریان دابوو رۆژی یەکەمی کۆنفرانسەکە لە هەولێر بێت و رۆژی دووەم لەسلێمانی. لەگەڵ ئەم سەرنج و تێبینی و نیگەرانیەدا هێشتا نازانم ئەو بابەت و باسانە چین کە لەم کۆنفرانسەدا پێشکەش دەکرێت بەڵام دڵنیام (کۆنفرانسێکی ئاسایی) بی ئەنجامی دیکە دەبێت و دەچێتە سەر کۆنفرانس و کۆنگرە هاوشێوەکانی کە ساڵانێکی دوورودرێژە لەم هەرێمە (بی کەرکوك) ەدا دەبەسترێت. و ئەوەی من لەدانیشتنی یەکەمی کۆنفرانسەکەدا بینیم و گوێم لێبوو، جگە لە پروپاگەندەیەکی حزبی بۆ هەڵبژاردن شتێکی دیکە نەبوو.

Mariwan_na@yahoo. com